# ئەوەی سوێند بە سپاردە بخوات؛ ئەوا لە ئێمە نییە

لە بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی سوێند بە سپاردە (ئەمانەت) بخوات؛ ئەوا لە ئێمە نییە».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: ئاگاداری کردنەوە وهەڕەشە کردن لە سوێندخوادرن بە سپاردە (ئەمانەت)؛ چونکە سوێندخواردن بە سپاردە سوێندخواردنە بە جگە لە خوای گەورە وسوێندخواردن بە جگە لە خوای گەورە شیرک وهاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرک) (رواه الترمذي) واتا: (ئەوەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات؛ ئەوا کوفر یان شیرکی کردووە)، ومەبەست لە شیرک لێرەدا شیرکی بچووکە، ئەگەر ئەو کەسەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە دەخوات باوەڕی وابێت کە ئەم کەسە یان شتەی سوێندی لەسەر دەخوات لە ئاست ویلەوپایەی خودایە لە بەمەزندانان وپەرستندا وهاوشێوەی ئەمانە ئەوا ئەم کەسە شیرکی گەورە کردووە کە هۆکاری هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام، پەنا بە خودا. ومسوڵمان دەبێت سوێند تەنها بە الله (خودا) بخوات یان سیفەتێک لە سیفەتەکانی، ولێرەدا سپاردە (ئەمانەت) مەبەست پێی فەرمان وفەرزەکانی خودایە لەسەر مرۆڤەکان وەکو نوێژ ڕۆژوو وحەج کردن وئەوانی تر، وئەمانەیش لە سیفەتی خودا نین بۆیە نابێت سوێندیان پێبخورێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee